حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی زانستی - وێژەیی )

بەناوی خوای گەورە

بابەت: زمانی کوردی / کات : ٣:٠٠ کاتژمێر

# وەڵامی نموونەیی

سالّی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ خولی یەکەم

پەنجەمۆر

وەڵامی راست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی ، بکەر دەبێتە ( ێت ) ؟
A) نامەکەی گەیشت. B) نامەکەیتان گەیاندووە. C) دەرگاکەی داخستبوو. D) چیرۆکەکەمانی هەڵسەنگاندووە.

٢. کام لەم کارانە ئەگەر بیگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ، جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای نیشانەی ( دە ) ؟
A) دێن B) نانووسێت C) دەخات D) بۆیە دەکەم

٣. لە ڕستەی ( ئەو قوتابییەکی زۆر دڵسۆز بوو. ) تەواوکەری کاری ناتەواو چییە ؟
A) هاوەڵناوی لێکدراوە بە یاسای ( ناو + هاوەڵناو ) دروستبووە.
B) گرێی هاوەڵناوییە.
C) هاوەڵناوی لێکدراوە بە یاسای ( ناو + ناو ) دروستبووە.
D) گرێی ناوییە.

٤. لە ڕستەی ( دیارییەکەی پێ بەخشیم. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو ، دەبێتە :
A) دیارییەکەی پێ دەبەخشیم.
B) دیارییەکەی پێ دەبەخشم.
C) دیارییەکەم پێ دەبەخشی.
D) دیارییەکەم پێ دەبەخشێت.

٥. لە کام ( ڕستەی کاری مەرج ) دا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك دیارخەری ناوە ؟
A) کەی کارەکەت تەواوکرد ، بڕۆ بۆ ماڵەوە.
B) کەی کارەکەت تەواوبوو ، پێم بڵێ.
C) دیارییەکت بۆ دەکڕم ، ئەگەر بوویت بە ئەندازیار.
D) ( B+ A ) ڕاستن

٦. دەربارەی ئەرکی بزوێن ( ە ) لە ڕێزمانی کوردیدا کام لەمانە هەڵەیە؟
A) لە ڕستەی ( چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکە. ) بزوێنی (ە) دوای ( چاکە ) پاشگرە بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو.
B) لە ڕستەی ( منداڵەکە ناچێتە قوتابخانە. ) ئەرکی بزوێنی (ە) دوای وشەی ( ناچێت ) ئامرازی پەیوەندییە.
C) لە ڕستەی ( گوڵەباخەکە بڕوێنە. ) ئەرکی بزوێنی (ە) لە نێوان هەردوو وشەی ( گوڵ.....باخ ) ئامرازی لێکدانە.
D) هیچیان .

٧. لە ڕستەی ( میوانەکە کەمێك درەنگ ڕۆیشت . ) ، ( کەمێك درەنگ ) چییە؟
A) گرێی ناوییە B) گرێی هاوەڵکارییە C) گرێی هاوەڵناوییە D) هاوەڵکاری لێکدراوە

٨. لە ڕستەی ( پرۆژە نوێیەکە تەواو کە . ) چی دەرنەکەوتووە ؟
A) ئامرازی دانە پاڵ و بکەر
B) نیشانەی کار و بکەر
C) ئامرازی دانە پاڵ و نیشانەی کار و بکەر
D) تەنها بکەر

٩. کام لەمانە ناتوانێت ببێتە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو؟
A) هاوەڵناو B) ناو C) جێناوی پرس D) چاوگ

١٠. لە ڕستەی ( هۆنراوەکانی ئەوانەم کۆکردووە. ) دیارخەر چییە ؟
A) جێناوی کەسی سەربەخۆ B) جێناوی نیشانە C) جێناوی نادیار D) هاوەڵناوی نیشانە .

١١. لە کام لەم گرێیانە ئەگەر ناوی دیارخراو بکەین بە ناسراو , پێویستە پیتێکی ناوبەند بخرێتە نێوان ناوەکە و ئامرازی دانە پاڵەکە.
A) میوەی تازە B) هەرمێی ناسك C) تووی شیرین D) هەناری ترش

١٢. کام لەم هاوەڵناوانە بە یاسای ( ناو + ڕەگی کار + پاشگر ) دروست نەبووە ؟
A) تێکۆشەر B) ڕاوکەر C) جلشۆر D) ڕەنجدەر

١٣. لە کام ڕستەدا جێناوی کەسیی لکاو ( م ) تەواوکەری بەیاریدەیە ؟
A) هەواڵەکەم بۆ دەناردیت. B) بۆتانم دەنارد. C) بۆیان دەناردم. D) بۆم نارد.

١٤. لە ڕستەی ( وێنەی جوانم گرتووە. ) ئەگەر دیارخەری ناوەکە بگۆڕین بە( هاوەڵناوی نیشانە بۆ نزیك ) دەبێتە :
A) وێنەی ئەمەم گرتووە B) وێنەی ئەمانەم گرتووە C) ئەم وێنە جوانەم گرتووە D) ئەم وێنەیەم گرتووە

١٥. لە کام ڕستەدا بەرکار کەسی دووەمی تاکە و بکەر کەسی یەکەمی تاکە ؟
A) فێرتم کرد. B) فێرت کردم. C) فێرم دەکردیت. D) ( C + A ) ڕاستن

١٦. ڕێژەی کاری کام لەم ڕستانە ڕابردووی تەواوی دانانییە ؟
A) پێویستە کارەکە تەواوبێت. B) ڕەنگە قوتابییەکە فێربێت. C) دەبێت لە ئاهەنگەکە ئامادەبێت. D) هیچیان

١٧. لە کام لەم ڕستانەدا کاری ڕستەکە تەواوی تێپەڕە ؟
A) پارەمان نەبوو.
B) لە ئاهەنگەکەمان بەشدارنەبوو
C) تاقیکردنەوەکەمان زۆر گران نەبوو.
D) هیچیان ڕاست نین.

١٨. لەڕستەی ( چیرۆکەکەی تۆ بلاوناکەینەوە. ) ئەگەر دیارخەری ناو بکەین بەجێناوی لکاو وە کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن،دەبێتە :
A) چیرۆکەکە تمان بلاونەکردبووەوە.
B) چیرۆکەکەمان بلاونەکردبوویتەوە.
C) چیرۆکەکەمانت بلاونەکردبووەوە.
D) (B + A) ڕاستن

١٩. لە ڕستەی ( هاوکار هۆنراوەیەکی بۆ خوێندکارانی پۆلەکە خوێندەوە ) ( دیارخراو و دیارخەر ) بریتین لە :
A) ناوی تاکی ناسراو و تاکی نەناسراو
B) ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو
C) ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو
D) ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو

٢٠. لە ڕستەی ( کتێبەکەتــم بۆ هێنا. ) ئەگەر بەرکار بکەین بە جێناوی لکاو ، وە کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو ، دەبێتە :
A) بۆت دەهێنم. B) دەی هێنم بۆی. C) دەی هێنم بۆت. D) بۆم دەهێنیت.

٢١. ئەگەر لە چاوگی ( کردنەوە ) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار دروست بکەین دەبێتە :
A) کراوەتەوە B) کرایەوە C) کرابێتەوە D) کردووەتەوە

٢٢. لە ڕستەی ( ئەگەر یارییەکەت بردبایەوە , خەڵاتمان دەکردیت . ) کام لەمانە بەرکاری ڕستەی وەڵامی مەرجە ؟
A) مان B) یارییەکە C) ت D) یت

٢٣. لە ڕستەی ( ئەم چەپکەگوڵە دەکەمە دیاری بۆ هاوڕێکەم. ) بزوێنی ( ە ) لە نێوان هەردوو وشەی ( چەپك ....گوڵ ) چییە؟
A) ئامرازی دانە پاڵە B) ئامرازی لێکدانە C) بەشێکە لە هاوەڵناوی نیشانە D) ئامرازی پەیوەندییە

٢٤. کام لەم هاوەڵکارانە بە هەمان یاسای ( هێمنانە ) دروستبووە ؟
A) دلێرانە B) شێرانە C) ساڵانە D) هەموویان ڕاستن

٢٥. لە کرمانجی سەرودا ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ داهاتوو بە کام دەستور دروست دەبێت ؟
A) د + قەد B) د +ڕەگی کار +جێناو C) دێ +ڕەگی کار +جێناو D) ب +ڕەگی کار +جێناو

٢٦. شاعیرانی ڕوانگە دەیانویست شیعر چ پەیامێك بگەیەنێت ؟
A) پەیامی یاخیبوون B) پەیامی مرۆڤایەتی C) پەیامی بەرگریکردن لە پاراستنی کورد D) هەموویان ڕاستن

٢٧. كام لەم بەرهەمانە ناچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە؟

A) گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم
B) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەم
C) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی یەکەم
D) ئە نجوومەنی ئەدیبان

٢٨. كام لەمانە ڕاست نییە ؟

A) (كورد و ئسلوبی شیعر) وتاری ڕەخنەیی (مارف بەرزنجی) یە
B) (كورد و شیعر) وتاری ڕەخنەیی (عومەر عارفە)
C) (كامەران و هۆنراوەی نوێ) لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی (حسێن عارفە)
D) (شیعرو نووسینی كوردی) وتاری ڕەخنەیی (ڕەفیق حلمی) یە

٢٩. یەكێكە لەو شاعیرانەی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٩١) بوو بە دەنگێكی دیاری شیعری كوردی :

A) لەتیف هەڵمەت
B) عەبدولڕەحمان مزوری
C) جەمیل ڕە نجبەر
D) دڵشاد مەریوانی

٣٠. لە دوای ........ گەلێك یانە و كۆمەڵە دەركەوتن , كە هەر یەكێكیان بۆ گەیاندنی بیری خۆیان چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەردەكرد كە بووە هۆی بەرەو پێشچوونی وتار .

A) شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)
B) شۆڕشی (١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨)
C) نسكۆی شۆڕش لەساڵی (١٩٧٥)
D) ڕێككەوتنی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠)

٣١. كام لەمانە توانی بە تەكنیكی تازە و بە بەكارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و چڕكردنەوەی گێڕانەوە و بەكارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆكی كوردی بەرزبكاتەوە :

A) ڕوانگە
B) گۆڤاری شەفەق
C) گۆڤاری گەلاوێژ
D) گۆڤاری هاوار

٣٢. كام لەم بەرهەمانە توانی بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتر لە بەردەم خوێنەری كورد بكاتەوە ؟

A) شاعیرەكا نمان
B) مێژووی ئەدەبی كوردی
C) شیعر و ئەدەبیاتی كوردی
D) ئە نجومەنی ئەدیبان

٣٣. لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) كام لەمانە بوو بە هۆی ئەوەی كە (وێنەی شیعری) گۆڕانی بە سەردا بێت ؟

A) فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی
B) فراوانبوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە
C) دەوڵەمەندی زمانی شیعر
D) هەردوو وەڵامی (B+C) ڕاستن

٣٤. لە كوردستان دوو هەوڵی دیار هەن ، دەتوانین بە بناغەی بنیادی ڕۆمانی كوردیان دابنێین بریتین لە :

A) شڤانی كورد و قەڵای دمدم
B) پێشمەرگە و ژانی گەل
C) شڤانی كورد و پێشمەرگە
D) بوهژین و بەربانگ

٣٥. یەكێكە لە دیارترین پێوانە ڕەخنەییەكانی ڕێبازی ڕۆمانتیك :

A) بایەخدان بە چێژی تایبەت.
B) جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری دووركەوتنەوە لە هەست و سۆزی كەسی.
C) گرنگیدان بە بەها كەسییەكان كە بەلای تاكە كەسەوە گرنگن.
D) گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەكان.

٣٦. شیعری (ویستم ئەوە لە بروسكە بگەیەنم) بەرهەمی كام لەم شاعیرانەیە ؟

A) جەوهەر كرمانج
B) شێركۆ بێكەس
C) جەمیل ڕە نجبەر
D) موئەیەد تەیب

٣٧. لە كام لەم ڕۆمانانە بیرو باوەڕی سۆشیالیزمی بەسەر ڕووداوەكان زاڵە؟

A) هەوارێ
B) شار
C) هەرەس
D) بوهژین

٣٨. ناوەڕۆكی ئەو چیرۆكانەی كە گەشە و پێشكەوتنیان پێوەدیار بوو لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠) بایەخیان بە كێشەی .............. داوە .

A) چینایەتی
B) كۆمەڵایەتی
C) سیاسی
D) هەموویان ڕاستن

٣٩. یەكێكە لە سیما دیارەكانی شیعری كوردی لەماوەی (١٩٧٥-١٩٩١) :

A) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژن
B) سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە
C) سەرهەڵدانی هەستی نامۆبوون
D) یاخیبوون

٤٠. كام لەم شاعیرانە لە قۆناغی یەكەم و دووەم هەوڵیان داوە شیعری كوردی بەرە و بنیادی (شیعری ئازاد) ببەن؟

A) دیلان و قەدری جان
B) گۆران و كامەران
C) دیلان و سوارەی ئیلخانی زادە
D) جگەرخوێن و دیلان

٤١. دەربارەی گۆڤاری (هاوار) كام لەمانە ڕاستە ؟

A) چیرۆكنووسانی گۆڤارەكە بە تەواوەتی لایەنگری جوتیارن.
B) گۆڤارەكە لە ساڵی (١٩٤١) لە شام دەرچوو.
C) چیرۆكنووسانی گۆڤارەكە هەوڵیانداوە دەردی هەژاری و نەخوێندەواری بخەنە ڕوو.
D) هەردوو وەڵامی (C + B) ڕاستن.

٤٢. لە كام لەم چیرۆكانەدا زمانی شیعر زاڵە بە سەر زمانی چیرۆك ؟

A) گوڵی ڕەش
B) تویێشووی سەفەرێكی سەخت
C) تەنیایی
D) (C + A) ڕاستن

٤٣. یەكێكە لە تایبە تمەندییەكانی وتار لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٩١) :

A) زمانی وتار پوختەتر بوو
B) خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە
C) دەربڕینی ناڕاستەوخۆ
D) سەرهەڵدانی وتارنووسی ژن

٤٤. داوا لەڕەخنەگران دەكات لە كاتی ڕەخنەگرتندارەنج وماندوبوونی شاعیریان لە بەرچاوبێت وئەگەر كەم و كوڕیش لە شیعرەكەیدا هەبوو؟

A) سالم
B) حاجی قادری كۆیی
C) ئەحمەدی خانی
D) مەلای جزیری

٤٥. لەكام لەم شیعرانەدا ، شاعیر هیوایەكی گەورەی بەدوارۆژێكی مەزن هەبوو ستەمی زۆری دوژمن چۆكی پێدانەدا ؟

A) سبە نەكە گری دایێ
B) بێشكەی منالْ
C) سرودێك بۆ پێشمەرگە
D) قەلاچۆی دوژمن

٤٦. بۆ كام لەم دێڕە شیعرانە هۆیەكی هونەرمەندانە دروستكراوە ؟

A) ئیلاهی نێرگزا مەی مەست و نازك — ژ دەستێ خوار و بەدخواهان بپارێز
B) خوێنی پاكی لاوی كوردانە ڕژاوە كێو و كەژ — بۆیە وا ئێستاكە سوورە ، ڕەنگی گوڵناری هەیە !
C) چ سرێكت لە ناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی — كەچاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە دركانی
D) (B+A) ڕاستن

٤٧. چ بابەتێكی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە ؟ (شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت — پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە)

A) لێكچواندن
B) خواستنی ئاشكرا
C) ڕەگەزدۆزی
D) جوانی بایس

٤٨. لە كام لەم نیوە دێڕە شیعرانەدا (ڕووی لێكچوون) لە پێش (لەوچوو) هاتووە؟

A) دڵم هەروەكو گوڵی بێ باران سیس و ژاكاوە
B) كوڕ ئاییینەیێ جەمالێ زاتن
C) ڕەگم وشكە وەكو پووشە، لەقووەی كارەبا چ بكەم؟
D) تاكەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم؟

٤٩. لەم دێرە شیعرەدا چ بابەتێكی ڕەوانبێژی هاتووە ؟ (نێرگزێن شەنگ د مەستن چەپ و ڕاست — ساقیان جام د دەستن چەپ و ڕاست)

A) دژی یەكی نەرێ و ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت
B) دژی یەكی ئەرێ و ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت
C) دژی یەكی ئەرێ و ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە ژمارەی پیتەكان
D) تەنیا خواستن

٥٠. لەم دێرە شیعرەدا چ بابەتێكی ڕەوانبێژی هاتووە (هەر چەندە گوڵ سیس ئەبێ بگرین — ئاڵتونی دار ئەرژێ بگرین)

A) خواستنی ئاشكرا
B) ڕەگەز دۆزیی تەواو
C) لێكچواندن
D) (A+B) ڕاستن